کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ڕۆژنامەیەکی سیاسی-تەحریضی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستە

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری

ژمارە ٩ ئازاری ١٩٩٢

٥٠٠ فلس

# بژی ١٨ی ئازار یادی کۆمۆنەی پاریس و ڕۆژی شوورا لە کوردستان

## سەدەی بیستەم سەدەی مارکسیزم و هەڵگیرسانی تیۆرانینە مارکسیستی یەکان بوو بۆ جیهانی سەرمایەداری

### ئیعترازی کرێکارانی ئێشکگری کارگەی دەواجنی هەولێر

پاش چەندین کۆبوونەوە و ڕاوێژکردن، ڕۆژی ٢٤/١/٩٢ کرێکارانی خەفەری دەواجنی هەولێر کۆبوونەوە و کە لە (٥٠) کەس (٣٠) بەشداربوون و بڕیاریان دا کە بەیانی ڕۆژی ٢٥/١ لە سەعات (٤)ی ئێوارەدا بچنە ئیدارە و ماوەی سەعاتێک مۆڵەت بدەن بە ئیدارە بۆ وەڵامدانەوە بە داواکاریەکانیان. داواکاریەکان ئەمانە بوون:

١- زیاد کردنی کرێی مانگانە بە ڕادەی لانی کەم (٥٠) دینار.

٢- زیاد کردنی ڕۆژانی ئیستراحەت مانگانە لە (٢) ڕۆژەوە بۆ (٤) ڕۆژ.

٣- هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی کە دەڵێ هەر خەفەرێك دزی لێبکرێ لە کار دەر دەکرێ.

٤- کەم کردنەوەی سەعات کار.

٥- نابێ سووکایەتی بە کرێکارەکان بکرێت.

٦- نابێت کرێکار دەربکرێت.

٧- نابێت ئیدارە بە ئارەزووی خۆی کرێکار نەقل بکات.

٨- ژمارەی خەفەرەکانی هەر حەقلێك لە (٢) کەسەوە بکرێنە (٣) کەس.

ڕۆژی ٢٥/١/١٩٩٢ سەعات (٤)ی ئێوارە (١٢) کەس لە خەفەرەکان چوونە ئیدارە و لە گەڵ "ئازاد" مدیری

لاپەڕە ٧

### ئەفریقیای خوارووگەورەترین مانگرتنی کرێکاری لە مێژووی خۆیدا بەخۆیەوە بینی!


ڕۆژەکانی ٤ و ٥ی تشرینی دووەم چەندین ملیۆن کەس لە ئەفریقیای خواروو بۆ ئیعتراز بە سیاسەتی دەوڵەت سەبارەت بە داسەپاندنی ١٠٪ باجی ناڕاستەوخۆ دەستیان دایە مانگرتن. بە پێی قسەی یەکێتی نەقابە کرێکاریەکانی ئەم وڵاتە ئەمە گەورەترین مانگرتنی گشتیە لە مێژووی وڵاتدا.

"کۆنگرەی یەکێتی نەقابەکانی ئەفریقیای خواروو" (کوساتو) کە گەورەترین فیدراسیۆنی نەقابیە ڕایگەیاند کە لە نێوان ٣-٤ ملیۆن کەس واتە

لە نێوان (٧٠-٨٠)٪ی هێزی کارە پیشەسازیەکان، و (٦٠-٩٠)٪ی هێزی کاری کانەکان لە مانگرتنەکەدا بەشداربوون و بەرهەم هێنان لە پیشەسازیەکانی ئۆتۆمبێل دروست کردندا تووشی ڕاگیرابوو. بەدرێژایی تەنها هەڵمەتێکی یەکەم ڕۆژی مانگرتن (١٠) کرێکاری کانەکانی ئاڵتوون گیانی خۆیان لە دەست دا. ڕۆژی ١١/١١/٩١ پۆلیسی ئەفریقای جنوبی ڕای گەیاند کە لە درێژەی تەنها هەڵمەتەکاندا (٢٠) کرێکاری دیکەی کانەکان کوژراون.

لاپەڕە ٧

### لە یادی ١٠٩ ساڵەی مردنی مارکس دا!



ئەمڕۆ ١٤ی ئازار (١١٠) بەهار بەسەر مەرگی نەوانداری بەرزکەی گۆڕستانی "هایگات" لە گەورەترین زانا و هۆشمەند و خاوەن بیری ئەم سەردەمە و، ڕابەر و مامۆستا و خەباتکاری ماندوو نەناسی چینی کرێکاری جیهانی، تێ دەپەڕێ. ئەم ئازارە (١١٠) ئازارە کە ئیتر ئەم مێوانە ئازیزەمان و شکۆی ئەم گۆڕستانەی گەورە کردووە و هیچیان دەست بەسەرداری یەکتر نابن!

ئێمە ئێستا، لە کاتێکدا یادی ئەم سەردانە هەنا هەناوی ئەم خۆشەویستەی چینەکمان و هەموو بەشەریەتی چەوساوە دەکەینەوە، کە لە

لاپەڕە ٢

### ئەنجومەنی نیشتمانی وهەڵبژاردنی ئازاد!

لاپەڕە ٣

### شەریکەی طارق لە کەرکوك

ڕۆژی ٢/٢/١٩٩٢ لە شەریکەی "طارق" بەشی "حفر و بناء" ٢١ کرێکار دەستیان لە کار کێشاوەتەوە بۆ ئیعتراز بە بڕینی (٤٥) دینار لە ڕاتبەکەیان کە مانگانە (٢٢٠) دینارە. تا کاتی نووسینی ئەم هەواڵە مانگرتنەکە بەردەوامە.

### بروسکەیەك بۆ کرێکارانی تورکیا!

لاپەڕە ٨

### چاوپێکەوتن لەگەڵ «عەلی خدری»

لاپەڕە ٥

# چاوپێکەوتن لەگەڵ «علی خدری» یەکێك لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاری ئێران

علی خدری، یەکێکە لەو هەڵسوڕاوانەی کە لە دوای راپەڕینی ساڵی ٥٧ی ئێرانی (١٩٧٩) وە هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی خۆی لە ناو کرێکاراندا دەست پێکردووە. تا ساڵی ١٩٨٦ لە چەندین کارو کارگادا لە سنا و کرێکارانی تاراندا خەریکی کارکردن و هەڵسوڕانی سیاسی بووە وچەندین جار وەکو نوێنەری کرێکارانی ئەو ملبەندەی کاری لێکردووە، لە مانگرتن و ئاکسیۆنەکاندا هەڵبژێردراوە لە لایەن کرێکارانەوە. پاشان لە شارەکانی کوردستاندا درێژەی بە کار و هەڵسوڕانی سیاسی و ڕێکخراوی خۆی داوە. ئێستا هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا دەباتە پێشەوە. یەکێك لە هاوکارانی ڕۆژنامەی "بۆ پێشەوە" چاوپێکەوتنێکی لە گەڵدا سازداوە کە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

بۆ پێشەوە: سەرەتا دەکرێ لەسەر وەزعی ژیان و خەباتی کرێکارانی ئێران بە گشتی ڕوون کردنەوەیەك بدەی.

علی خدری: ئاستی گوزەرانی کرێکارانی ئێران زۆر نزمە. بە پێی ئاماری خودی حکومەتی جمهوری ئیسلامی (٥-٦) ملیۆن کرێکار بێکارن، بێجگە لە ژنان، بەشێکی زۆریش لە کرێکاران ناو نووس نەکراون. حەقداوەمان (تەحەم) یکی وەحشەتناك لە ئێراندا هەیە. کرێی ڕەسمی مانگانە هاودەتەن ٦٠٠٠ تمەن. خانوویەکی ئاسایی کە لە دوو ژوور و مشتەمەلات پێك هاتبێت دوو بەرابەری ئەم کرێیەیە. کرێکارێك بۆ بەڕێوەچوونی ماڵ و خێزانی ناچارە دوو جۆر کار بکات، یان لە شوێنی کاری خۆیدا کاری زیادە دەکات، یان لە دەرەوەی شوێنی کاردا. کرێکارانێك کە فەنی نین ناچارن دەستفرۆشی بکەن لە دەرەوەی کاری خۆیاندا. ئەم وەزعە بۆ کەسێك کە لە دەرەوەی چێنی کرێکاری ئێراندا بێت شتێکی سەیرەو تەسەورکردنی گرانە.

ڕۆژانەی کرێکارێکی ڕۆژکار لە ٨٠ تمەنەوە گراوەتە ١٢٠ تمەن، بەڵام کرێی ڕۆژێکی کرێکارێك کیلۆیەك گۆشتی پێناکردرێ، کیلۆیەك شەکر بە ١٠٠ تمەنە، قاتێك جلی پیاوانە ١٠ هەزار تمەنە و دەستێك جلی ئافرەتان ٢٥ هەزار تمەنی دەوێ... لە ساڵی ٩٠ و ٩١ دا مانگانە ٢٠٠٠ تمەنیان بۆ کرێی کرێکار زیاد دەکرد بەڵام خەرجی ژیان دوو ئەوەندە و بگرە زیاتر چووەتە سەر.

کرێکاران لە مەسکەن بێ بەشن. بانکی مەسکەن بە هەل مەرجێك قەرز ئەدات بە کرێکار کە کرێکار توانای تەحەمول کردنی نیە. لە ماوەی ١٥ ساڵدا لە ٠.١٪ سوودی دەچێتە سەر، بە جۆرێکە کە ئەو قسطەی مانگانە کرێکار ئەیداتەوە بە بانك لە کرێی مانگانەکەی زیاترە.

حەقی کارکردن تا لەخشبیە دەرکردن لە سەر کار بەردەوام هەیە. یاساکانی ئێرانی بە نووسینی ئەچێویندە ئیر لیسخدای ڕەسمی کرێکارەوە مەگەر لەو حالەتانەدا کە بە سەریاندا سەپێنرابێت لە لایەن کرێکارانەوە. ئەم سیاسەتەی یاساکان بۆ ئەوەیە تا بە ئاسانی بتوانی کرێکار لە سەر کار دەر بکات. کاری پەیمان کار (قراز داد) هەیە وئەگەر لە ٣ مانگ زیاتر بێت ئەوا دەبێت کرێکارەکە ببێتە ڕەسمی، لە بەر ئەوە خاوەن کارەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن پەیمانی کەمتر لە ٣ مانگ لە گەڵ کرێکاردا ببەستن...

بۆ پێشەوە: شکڵەکانی ڕێکخراوبوون و ئاستی ئیعترازی کرێکارانی ئێران چۆنە؟ لە کاتێکدا شەرایتی خەباتی کرێکاران لە ژێر فشاری زاڵ بوونی جمهوری ئیسلامیدایە و ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتن بەرەسمی ناسراوە، ئەم وەزعە چ کاریگەرییەکی لە سەر ئیعتراز و ڕێکخراوبوونی کرێکاران داناوە و چ ئاستێك بۆ دەرچوون لەم وەزعە دەبینن؟

علی خدری: جمهوری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ویستییەتی هەموو جیناێتی کرێکار و ناوی کرێکار تەحەمول نەکات. قسەی ئیسلامیەکان کە دەیان ووت خوا کرێکارە و مەلائیکەکان هەر بۆ ئەمە بوو، هەروەها بۆ سەر خەباتی کرێکاری و بۆ سەر ڕێکخستنی کرێکاری، هەروەها بۆ بەرز سەرکەوتنە سیاسییەکانی کرێکار و لە سەندیکاکانیان وتابیع کردنی کرێکار لە ڕێگەی گۆڕینی شورا کرێکارییەکان بە شورا ئیسلامییەکان. ئەمە ئەوپەڕی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامییە کە بۆ بزوتنەوەی کرێکاری ئاشکرایە.

بزوتنەوەی کرێکاری لە ماوەی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدا لە سەرەتاوە بۆ دەورەیەك تووشی دامرکانەوە بوو، بەڵام دواتر هەستایەوە. لە قانوونی جمهوری ئیسلامیدا مانگرتنی سەربەخۆی کرێکار قەدەغەیە، بەڵام لە ئاکامی خەباتی کرێکارەوە بە ئاشکرا و بە نهێنی مانگرتن لە کەنگاری جۆریدا جێ کەوت و بووەتە شتێکی ڕەسمی. لە هەل و مەرجێکدا کە جمهوری ئیسلامی ڕای گەیاندبوو کە هیچ پرسی دەوڵەت مانگرتن قەدەغەیە، مانگرتنی ٧ ڕۆژەی کرێکارانی ئاسن توانەوەی ئەسفەهان، کرێکارانی شەریکەی نەوت، مانگرتنی ٢٢ شەریکەی "کفش ملی" لە تاران، مانگرتنی کرێکارانی کورەخانەکانی دەوروبەری تاران و، ساوا، هەمەدان و تەورێز... ئەمانە نیشانیان دا کە هەموو شتێك بە ئارەزووی جمهوری ئیسلامی ناچێتە پێشەوە.

لە ئێراندا ڕێکخراوەی ڕەسمی سەربەخۆی کرێکاران مەوجود نیە، بەڵام بەشێوەی نهێنی و شاراوە هەن. ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ڕێگای نەداوە بە دروست کردنی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری، بۆ نموونە بەسەندیکای کرێکارانی نانەواخانەکانی سنە ڕژێم جوابی مەنفی دایەوە و دواتر ئەوانەی تەرحیان کردبوو بە بیانووی جۆراوجۆرەوە گیران و زیندانی کران. لە ئێراندا ئیعترازی کرێکاری ئاوا بوو کە جمهوری ئیسلامی نەیویست هەمووی کرێکاران بوون تەحەمول و تا رادەیەکیش سەرکەوتنی بە دەست هێنا، بەڵام کرێکار لە بەرامبەر ئەمەدا و بۆ ئەوەی وەکو چینێك خۆی پیشان بدات زۆر هەوڵی داوە و خوێنی نەری داوە. بۆ نموونە ڕژێم لە شارۆچکەی ئەکباتان نزیکەی ٧٠ کرێکاری گرت کە لە کارگەکانی تاراندا کاریان دەکرد و لەم شارۆچکەیە دەژیان، وەپاش ماوەیەك هەمووانی ئیعدام کرد.

زۆر مەحفەلی کرێکاری هەبوون کە ئامادە بوون ڕێکخراوەی کرێکاری پێك بهێنن، بەڵام تا ئێستا هیچ بە سەر دەوڵەتدا سەر نەگراوە. ئەو ڕێکخراوانە نەفەر کەمێك دەهاتن گورت ماوەبوون ئەو تر کرێکاران کەوتنەوەی گشتی یان بەرپا دەکرد و خواستەکانیان تێدا دەخستە ڕوو وتەسەی لە سەر دەکرا، هەروەها نوێنەرانیان هەڵدەبژارد بۆ قسەکردن لە سەر داواکارییەکانیان لە گەڵ خاوەن کاردا. لە ساڵی ٨٨-١٩٨٩ دا لە هەوڵی ئەوەدابووین کە لە گەڵ چەندین مەحفەلی تردا لە ئاستێکی بەرفراواندا ڕێکخراوە پێك بهێنین و بە سەر ڕژێمدا بسەپێنین، بەڵام

◀

## بڵاوکراونەتەوە

ناکامە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکانی شەڕی خەلیج

منصور حکمت

کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

ئاڵوگۆڕییەکانی دنیای ئەمڕۆ و ئاسۆی سۆشیالیزمی کرێکاری

بارێگرێن لشا ماوزکسور حکمت

کرێکارانی جیهان، یەکگرن!

بەیاننامەی مانگەکانی ئافرەتان

◄

ئەمەمان بو عەملی نەکرا ،چەندین کرێ و کومەل هەن کە بە شوێن ئەم مەسەلانەوەن .بەلام هاوسەنگی هێزی کومەلایەتی لەوەیەشان ئەدات کە توانای پێك هێنانی ئەم جورە رێکخراوەیەك هەیە و چەندە دەتوانێ روو بە رووی رژێم بوەستێتەوە .سونەتی کەوونەوەی گشتی بە شێوەیەکی عومومی لە ناو کرێکاراندا جێ کەوتووە ،کاتێك لە لایەن کرێکارانی پێشڕەوەوە دەخرێتە روو یەکسەر کرێکاران قەبولی دەکەن و لە ئیعتراز و حەرەکەتیاندا و بو خەبات لە دژی کوسپەکانی بەردەم خەباتیاندا پەنا دەبەنەوە بەر ئەم شێوەیە .دەکرێ بڵێین ،لە روانگەی کرێکارانی ئێرانەوە کوبوونەوەی گشتی ئەو ئیمتیازەی هەیە کە دەمنالێنی راستەو خوی کرێکارە لە تەواوی مەسەلەکاندا و ئاسانترین وەسیلەیە بو خەبات لە گەل رژێم و وەرگرتنی خەفەقان ،و بە ئاسانی لە لایەن هەموو کرێکارانەوە وەکو وەسیلەی ئیعتراز دەتوانری بەدەستەوە بگیرێ .ئەمە سەرەڕای هەلبژاردن و لابردنی نوێنەرەکان و پرس و راوێژی ناو تەواوی کرێکارەکان لە سەر مەسائیلەکان .

بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران تووشی چەندین کەوگرفتە ،هێشتا هاوپشتی کرێکاری لاوازە کە دەبێتە هوی کەمکردنەوەی هێزی کرێکار لە ئیمتیازاتیدا .کرێکاران پێشنیازاتەکانیان پێکەوە گرێ نادەن ،ئەگەر لە جێگایەك ئیعتراز دەکرێت لە شوێنەکانی ترەوە پشتیوانی لێ ناکرێ ،بەیاننامە بێت یان بە شێوەی تر ،ئەمە یارمەتی چوونە پێشەوەی بزووتنەوەی کرێکاری ئەدات .بەلام لە گەل ئەمەشدا کرێکار توانیویەتی هەمیەی خوی وەربگرێتەوە ،مانگرتن بە عەملی کراوەتە شتێکی رەسمی ،کرێکاران بە عەملی رێکخراوە دەولەتییەکانیان تەحریم کردووە ،هەرچەندە کە نەیان توانیوە رێکخراوی خویان بە سەر دەولەتدا بسەپێنن ،ڕۆژی یەکی ئایار لە لایەن کرێکارانەوە بەسەر بورژوازیدا فەرزکراوە کە بە رەسمی بناسێت .داواکاری زیاد کردنی کرێ خواستێکی گرنگ بووە کە کرێکار هەولی بو داوە ،ئەمانە چەندین پێشڕەوین کە کرێکاری ئێرانی کردوویەتی ،بەلام هێزی کرێکار لە هەلسوراندایە بو جێ بەجێ کردنی داواکارییەکانی و ئەساسی ترینیان خواستی ئازادی رێکخراوبوونە.

« ماویەنتی »

## مانگرتنی ٣٥ هەزار کرێکاری کانەکان لە ئەفریقیای خواروو

مانگرتنی ٣٥ هەزار کرێکاری کانی ئالتونی سێ لە ئەفریقای خواروو.

ڕۆژی ١١/١١/٩١ ٣٥ هەزار کرێکارەکان لە «ئیمپالا پلاتینیوم» دووەم بەرهەم هێنەری ئالتونی سێیە لە جیهاندا بو بەرەسمی ناسینی ئەتابە دەستیان لە کار کێشایەوە .لە ئاکامی مانگرتنی کرێکاراندا لە (٤) کانی ئەم کومپانیایە (٣) کان لە کارکەوت و ئاستی بەرهەم هێنان لە کانی چوارەمدا تەنها ٣٠٪ بوو. بە قسەی کومپانیا کە خوی ١٠٪ی بەرهەم هێنان راوەستا .

ئەم مانگرتنە بە دوای بێ ئاکام مانەوەی (٤) مانگ گفتوگو و ئاوێزی کردن و لە سەر بانگەوازی «یەکێتی نەقابە سەراسەرییەکانی ئەفریقای خواروو» دەستی پێکرد . ئەم یەکێتییە ئەگەر چی ٦٠٪ ی کرێکارانی ئەم کومپانیایە نوێنەرایەتی دەکات بەلام لە روانگەی دەولەتەوە غەیرە قانونییە.

بە قسەی یەکێتی نەقابەکان مانگرتنی دوایی بو ئیعتراز بە گیرانی هەلسوراوانی نەقابی لە لایەن دەولەتەوە و هەروەها بە هوی پەشیمان بوونەوەی ئیدارە وە بوو لە رێککەوتنانەی لە گەل یەکێتی نەقابەکاندا بەستبووی .

## مانگرتنی کرێکارانی نەوتی ئێران .

لە نیوەی یەکەی کانونی دووەمی ئەمسالدا کرێکارانی پالایشگا جیاجیاکانی ئێران بو ئیعتراز لە بەرامبەر بە وەزعی ئالەباری ژیان و فشاری پاسداران و دەزگا جاسوسییەکان لە سەریان دەستیان دایە مانگرتن. وەزیری نەوتی ئێرانی بە پەلە کەوتە دانی بەلێن بە کرێکاران بو وەلامدانەوە بە داواکارییەکانیان ،بەلام مانگرتنی کرێکاران دژی گرانی و کەمی کرێ بەردەوام بوو .رژێمی جمهوری ئیسلامی دەستی کرد بە گرتنی ژمارەیەك لە کرێکاران بە مەبەستی بلاوکردنەوەی ترس و زال کردنی جەوی ترساندن .لە ئاکامەکانی ئەم مانگرتنانە هەوالمان بە دەست نەگەیشتووە .

## هەواڵی جیهانی

## مۆسکۆ

لە نیوەی یەکەمی کانونی دووەمی ئەمسالدا لە نزیك «کرملین» لە موسکو نزیکەی (٥٠) هەزار کەس دژی گرانی و بو کەمکردنەوەی نرخی مەوادە خوراکی یە ئەساسییەکان و بو لا بردنی نەرای ئازاد کردنی ئەسعار خوپیشاندانیان بەرپا کرد . دەولەتی روسیا ژمارەیەکی زوری لە هێزەکانی پاراستنی ئاسایش و پولیس لە ناوچەی خوپیشاندانەکە بلاو کردەوە و رێگا سەرەکییەکانی مەرکەزی شاری بڕی.

## کۆریای خواروو

ڕۆژی شەممە ١٦/١/٩٢ بە هوی تێك هەلچوونی نێوان کرێکاران و بەرپرسەکانی گەورەترین کارخانەی ئوتومبیل دروست کردن لە کوریای خواروو (٦٠) کەس بریندار بوون . ئەم تێك هەلچوونە لە چوارەم ڕۆژی کێشە و هەرای کرێکارانی کارخانەی «هوندای» لە خوارووی سیئولی پایتەختەوە رووی دا .

هەزاران کرێکار لە ناو کارخانەدا مانیان گرتبوو پاش ئەوەی کە لێپرسراوان رایان گەیاندبوو کە ئەمانەوی بو ماوەیەکی نادیار کارخانە کە دابخەن .

## کاری منالان لە ئەلمانیا

بە پێی هەلسەنگاندنی موئەسسەی پارێزکاری کردنی منالان لە ئەلمانیا ،سەدان هەزار منال لەم وولاتە خەریکی کاری بەکرێن .ئەم موئەسسەیە ژمارەی ئەو منالانەی کە لە سالی ١٩٨٩دا کاریان دەکرد بە ٤٠٠ هەزار منال داناوە و رایشی گەیاندووە کە ئێستا لە سەراسەری ئەورووپادا ،نەك تەنها لە وولاتەکانی خوارووی ئەورووپا ،کاری منالان خراوەتە دەستووری ڕۆژەوە .تەنانەت لە شارەکانی ئەلمانیا ١٠٪ تووشی منالانی ١٤ سالەیی دەبێت کە لە چێشتخانەکان ،ئوتومبیل شوردن ،بلاوکردنەوەی ڕۆژنامە و یاخود لە پیشەی بەنزیندا کار دەکەن. لە ویلایەتی «نورد راین وێستفالن» کە نزیکەی ٢٠ ملیون دانیشتوانی هەیە و لە قەرەباڵغترین ویلاتەکانی ئەلمانیایە ٤٠٪ی قوتابیانی (١٣-١٥) سالەیان دوای دەوام یان لە ڕۆژانی ئیسراحەتدا و یاخود لە سەراسەری سالدا خەریکی کارکردنن.

## ڕووسیا

ڕۆژی ١٤/١/١٩٩٢ کرێکارانی کانی «نورکوتا» لە بەری باکووری روسیا چوونە پال کرێکارانی ناوەندی خەلوزی کارجاننددا لە کازاخستان کە سێ یەم ناوەندی خەلوزە لە کومونزیلی دەولەتە سەربەخوکاندا و چەند ڕۆژ لەمەوپێش دژ بە نەخوازەبوونی ئاستی گوزەران دەستیان دابووە مانگرتن . کرێکارانی «نورکوتا» دژی ئەو نیزامەی کرێ یە مانیان گرت کە بە سەریاندا سەپێنرابوو.

## ئەلبانیا

یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سەربەخو لە ئەلبانیا ڕۆژی هەینی ١٧/١/٩٢ لە تیرانای پایتەخت و چەندین شاری تر دژی «بێ دەنگ لێکردن»ی حکومەت لە بەرامبەر داواکارییە کرێکارییەکاندا کە کانونی یەکەمی رابردوو دراوبووە بەری خست.

رابەری ئەم یەکێتی یە «فالرجنیکا» لە مەیدانی ئەسکەندەر بەگ لە ناوەراستی تیرانا لە بەردەم جەماوەرێکی زوری خوپیشاندەردا لە سەر زیاد کردنی کرێ بە پێی گرانی قسەی کرد

بەم زووانە ئامیلکەی «مارکسیزم و جیهانی ئەمرو» کە وەرگێڕدراوی کوردی چاوپێکەوتنی بلاوکراوەی «ئینتەرناسیونال» ە لەگەل هاوڕێ مەنسووری حیکمەت بلاو دەکرێتەوە .

ئینتەرناسیونال

ئورگانی حیزبی کومونیستی کرێکاری ئێرانە و بە زمانی فارسی دەردەچێت . سەرنووسەرەکەی «لیلا دانش» ە . ژمارەی یەکەمی لە کانونی دووەمی ئەمسالدا دەرچووە .

پێشڕەو
ژمارە ٦ ئازاری ١٩٩٢

# بروسکەیەك بۆ کرێکارانی تورکیا!

لەوارەی رۆژی سێ شەممە ریکەوتی ٣ی ئازار لە شاری ... چەند سەد ... کانە خەڵوزەکانی ... زنگولداغ ،گڕی تەقینەوەکان و گازی کوشندەی ناو بارەوەکان ، چاو چنۆکی و قازانج پەرستی سەرمایەدارانی کەیاندە لوتکە .هەڵپە و ئارەزووی خاوەن سەرمایەکان بۆ زیادکردنی سەروەت لەگەڵ هەڵقرچانی چەندین لاشەی لەت و کوێلانەی کە تا چەند سانیەك بەر لەم کارەساتە،خەریکی زیادکردنی سەروەتی شەمەیان و مشە خۆرانی کۆمەڵگا بوون،و لەگەڵ فرمێسکی لەت و چاوەی بەکوڵانەی کە لە ئامێزی دایکە دڵ بەسۆزەکانیان کە کۆرپەیان گرد بووە سەد تا هەواڵی ... زیانی ئازیز و خۆشەویستانیان بیستن ،هەنسکی چاوەڕوانیەیان هەڵدەکێشا ،تێکەڵ و ئاوێزان بوو . ئاسمانیش بۆ بەشداری لەم ماتەمینیەدا ... رەش پۆش کرد.


لەم قەتڵ و عامی کرێکارانی کانەکانی تورکیا بەگەم کارەساتی بەشەری نیە لە مێژووی ژیانی سەرمایەداریدا ، شەڕە جیهانیەکانی نێوان وڵاتە ئیمپریالیستیەکان ،شەڕە ناوچەیی و ناوخۆییەکان کە قوربانیانی کرێکار و زەحمەتکێشی دنیایان کردە سووتەمەنی خۆشکردنی ئاگری کورەی قازانج و کەڵەکەی سەرمایە و،محاکم و زیندانەکان کە بەردەوام ئاگرە خۆش دەکات بە قیمەتی گیانی هەزاران تێکۆشەری جبهی کرێکار ...

ئەمانە شەڕێکی ئاشکرای بۆرژوازیـــن لە دژی کرێکار و بەشەریەت کە بەشەڕێکی نا ئاشکرا، بە جبهەیەکی شەڕی ئاراستە و خۆ بەردەوام لە دژی کرێکار تەکمیلە دەبێ .بەرسەبێشی ولە برسا مردن لە کیشوەری ئەفریقیا، مردنی دەیان هەزار منال لە عێراقدا بە هۆی ... دەرمانی و بێ خۆراکی بوو،و کاری سەخت و خەفەتناك لە کارگا و کارخانەکان،و مەیدانەکانی کار،و لە شوێنی ... سەدان ... لەژێر زەویدا لە کانەکانی ... و ... وەك ئێستا بەردەوام کرێکاران ... رۆژانە سەدان و هەزاران کەسیان بێ ئاو دەبن و گیانیشیان لە دەست دەدەن ،مەیدانەکانی ئەم شەڕە رانە کەمترازوی بۆرژوازیــە لە دژی کرێکار.

یاسا و قانونەکانی بۆرژوازی مەرگی قوربانیانی ئەم جەنگەیان لە چاوی کۆمەڵگادا بەشێکی ئاسایی و سروشتی پیشان داوە،لەم یاسایانەدا کەسێك بە بڕیارکوژ و تاوانبار دانا نرێ،کەسێك لە سەر ئەم مەسئلەیە محاکمە ناکرێ و سزا نادرێ ! رایە ئەمڕۆی سەرمایەداری بەم نەوعی کاتی قازانج و بەسەربەیەك نانی سەروەت و سامانەکەی بەکەوێت خۆشی دەبێ ! بۆ ئەوەی زیاتر ... کەم لە شەمشەور و تەمەڵی کۆمەڵ خۆش بژین و دەست بەسەر ئەواوی ئارزوو ئیمەتی کۆمەڵگادا بگرن،دەبێ زیرەی ئینسانەکان نەك هەر لەم خۆشی و نیعمەتە بێ بەش بن،بەڵکو ژیانی خۆیان و بژوی سەر لیوی ژن و منالەکانیان بکەنە ئاسایشی رابواردن و ئارەزووی ئەم چاو چنۆکە چەتەیانە کە ئەمانەت هەندەی تاسەرەتانیان بە تەنکی سەلامەتی کرێکارانەوە نیە !

بۆلاپەرە ٧

## بەرزو بەرێز بێت ١٨ی ئازار یادی کۆمۆنەی پاریس و رۆژی شورا لە کوردستان



# پیرۆزبێت ٨ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان

[illegible]




کرێکارانی جیهان ، یەکگرن !

پیرۆزبێت ٨ی ئازار
رۆژی جیهانی ئافرەتان !

[illegible]